# مام جەلال و کۆندۆلیزا رایس
# ئەگەری کردنەوەی گرێ گوێرەکان...

**دلزار حەسەن**

بایەخی باشترکردنی هەلومەرجی سیاسی و کۆبوونەوەکانی ناوەخۆی عیراق و کوردستان بە لای ئەمریکایەکانەوە وایکرد سەرەنجی سیاسەتمەداران و کار بەدەستانی ئەمریکا بۆ لای خۆی راکێشێت، ئەو سەردانە بە پەلەیەی "رایس" بۆ بەغدا و هاوینە هەواری پیرمام جارێکی دیکە پالە پەستۆی سیاسەتی ئەمریکای بۆ ململانێیەکانی ناوەخۆی عیراق و کوردستانی بەرچاو خستەوە، کە وا پێدەچوو دواکەوتنی ئیدارەی فەرمی عیراق لە بەغدا و دانیشتنی پەرلەمان و بەیەك نەگەیشتنی لایەنە کوردیەکان لەسەر پێکهێنانی دەسەلاتی نوێ لە هەرێمی کوردستان و وەزعی نا ئاسایی ئێستای عیراق بە گشتی ئەمریکای بێتاقەت کرد بێت. هەر ئەوەشە وایکرد گەورە بەرپرسانی ولاتە یەکگرتووەکان چاو خشاندنەوەی خۆیان بەرەو رەوشی سیاسی و ئەمنی عیراق دووبارە بخەنەوە سەر شانۆی ستراتیژیەکانیان لە عیراقدا بۆ ئەوەی کاروچالاکیە سیاسی و دیبلۆماتەکانیان لەو ناوچەیە بە ئامادەبوونی دۆستەکانیان کە ئێستا دەسەلاتداران لە بەغدا تاوتوێیبکەن. دیارە سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەغدا و بینینی مام جەلال وەك سەرۆکی عیراق و هاتنی بۆ لای مەسعود بارزانی ئەوە دەگەیەنێت کە هاوپەیمانیەتی لێك نزیکبوونەوەیەکی سیاسیانەی هەیە لەگەڵ یەکتردا. بە بارێکی دیکەیدا وەرەقەی کورد لە ناوەوەی عیراق و دەرەوە بەهێزە و چ ئەمریکایەکان و چ ئەوانەی چاوەنوارن عیراق بەرەو ئایندەیەکی باش بروات وا دەنوارنە دۆخەکە کە بوونی کورد لە بەردەم رەوشی ساسی و ئەمنی عیراق و ناوچەکە زۆر گرنگە و پێدەچێت گروپی کوردی تاکە گروپی ئەکتیڤ بێت بۆ هێور کردنەوەی دۆخی سیاسی و ئەمنی لە عیراقدا، هەر چەندە شیعە و سوننە دوو هێزی هاو رەگەزی بەرچاوی ناوچەکەن بەلام ئەوان لەو ماوەیەدا بە هۆی مامەڵەی بەرچەکردارانەیان بەرامبەر هاوپەیمانان بەشێك لە پرۆژە سیاسیەکانیان بە ئاقاری شەڕ و دژ بە ئەمریکا بردووە، بۆیە ئەمریکا کەمتر لە کوردەکان چاو دەبڕێتە بەرژەوەندیەکانی شیعە و سوونە لە عیراقدا. دیارە ئەو لاپەرە نوێیەی ئەمریکا بەرامبەر سەرکردە سیاسیەکانی کورد هەڵیداوەتەوە، وا پێدەچێت زۆرتر بە لای بەرژەوەندییەکانی کورد بکەوێتەوە بەوەی هەر بەرپرسێکی ئەمریکایی کە دەیەوێت سەردان بۆ عیراق بکات هاوکات بینینی بەرپرسە بەرچاوەکانی کوردیش بە لای ئەوانەوە گرنگە و بۆیە پاش هاتنیان بۆ کوردستان لە لێدوانەکانیاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکان چاوگەیەکی بە هێزی هاوپەیمانین بۆ سەرخستنی عیراق لەو تەنگژانەی پێیدا دەڕوات. لە بارەی ناکۆکیەکانی نێوان گروپی کوردی بۆ خستنە سەر پێی ئیدارەکانیان "رایس" لەسەردانە فەرمیەکەیدا بۆ پیرمام رەگە بە شێوەیەك لە شێوەکان قسەیەکی بۆ کردنەوەی گرێ گوێرەکان کرد بێت، هەر ئەو سەردانە وەك بایەخێکی سیاسی و دیبلۆماسی لە نێوان کورد و ئەمریکادا خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوای سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ لای سەرۆکی عیراق لە بەغداو هاتنی بۆ پیرمام

**ڕێك دەرئەنجامەکەی بەلای ئەوە شکایەوە سەرۆك تاڵەبانی بە سەردانێکی مژدە بەخش بگەڕێتەوە کوردستان و وا پێدەچێت لەگەڵ مەسعود بارزانیدا کۆببێتەوە و گفتوگۆ لەسەر خاڵە ناکۆکەکانی دوا کۆبوونەوەی مەکتەبی ساسی هەر دوو لا بکەن.. ڕەنگە ئەم سەردانەی مام جەلال بۆ کوردستان چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ جێگیرکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەسەلاٚتەکەی لێبکەوێتەوە.**